# لێرە بەدواوە گرفتەکانی ئێران زۆرتر دەبن

سەرکەوت عەزیز

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە لە ساڵی ٢٧٠٦ی کوردیەوە، ئەمریکاو هاوپەیمانانی گوشارەکانی خۆیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران چڕتر دەکەنەوەو کۆمەڵێك ئاستەنگو تەنگژەی نوێ دەنێنەوە. لەو باوەڕەدان کە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیارێکی یەکلاکەرەوەو مەترسیدار دەدات.

ئەگەر بێتوو دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران پێ لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکانی خۆیان دابگرن (بەکردەوە ئەوان راشکاوانە پێ دادەگرنو بەمافی سروشتی خۆیانی دەزانن کە پەرە بەبەرنامە ئەتۆمییەکان بدەن)، لەوانەیە نەتەوەیەکگرتووەکان بایکۆت کردنی سیاسی، ئابووری، تەنانەت هەندێك کردەوەی توندو تیژی دیکەش دژ بەکۆماری ئیسلامی ئێران بگرێتەبەر.

لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ ئاماژە بەو هاودەنگیە جیهانیە بدەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەماوەی بیستو حەوت ساڵی رابردوو دژ بەئێران سەرکردایەتی کردووە، نەوەك هەر کاریگەری نەرێنی لەسەر پێشکەوتنی هەوڵە دیپلۆماسیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران داناوە بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆریش ئەو وڵاتەی بەرەو پەراوێزیو گۆشەگیری بردووە. ئەمڕۆ لەئاکامی توندکردنەوەی گوشارو هەڕەشەکانی ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامی ئێران دووچاری تەنگژەیەکی گەورەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی بۆتەوە.

لەم پێوەندیەدا حکومەتی بەریتانیا بەئاشکرا لاگیری لەئەمریکا دەکاتو دژایەتیەکانی خۆی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران خۆیاتر کردووەو راشکاوانە پشتیوانی بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران ڕادەگەیاندوو. زۆربەی چاودێران پێیانوایە لێرە بەدواوە کێشەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی کاریگەری زیاتر لەسەر چارەنووسی کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنێ. ئەگەر لەچەند مانگی داهاتوودا سەرانی ئێران چاوێك بە بڕیارەکانی خۆیاندا نەخشێننەوە، قەیرانی بەرنامە ئەتۆمییەکان بەرەو سزای ئابووریو سیاسی دەگۆڕدرێن، ئەو کاتەش تەنگژەو قەیرانەکان کاریگەری گرنگ لەسەر بژێوی خەڵکی ئێران دادەنێنو بەرەو یاخیبوونو سەرهەڵدانیان دەبات.

بەپێی ڕامانی کارناسانی ئابووری چونکە ئێران زیاتر پشت بە هەناردەی نەوتو هێنانی کەلوپەلی سەرەکی دەبەستێ، بوودجەی ساڵی نوێی ٢٧٠٦ی کابینەی "ئەحمەدی نەژاد"یش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر فرۆشتنی نەوت داڕێژراوە، لەکاتی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری ئەو کابینەیە ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی واقیعی دەبێتەوەو لەتوانای دانابێت کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك مووچەی فەرمانبەرەکانی خۆی بدات.

سیاسەتکارانی نەیاری کۆماری ئیسلامی ئێران سەریان لەوە سوڕماوە کە بۆچی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەوکاتەدا ئەو قەیرانەیان دروست کردووە، لەکاتێکدا ئەوان باش دەزانن بەردەوامبوونی ئەو قەیرانە گەمارۆی ئابووری لێدەکەوێتەوە. سەرانی تاران زۆر جاران بۆخۆیان ئاماژەیان بە قەیرانی بژێویو ئابووری ناوەخۆ داوە، ئەی بۆچی ئێستا ئەو دژایەتیە نێودەوڵەتیەیان بۆ خۆیان هێناوەتە ڕۆژەڤەوە؟!. چاودێران پێیانوایە کۆماری ئیسلامی ئێران بتوانێ لەژێر گوشارەکاندا قایم ڕابوەستێو نەچەمێتەوە، ئەوان پێیانوایە دەستەڵاتدارانی تاران گرەو لەسەر عێراق دەکەن، ئەگەر خەڵکی عێراق دژایەتی خۆیان بەرانبەر ئەمریکا زۆرتر بکەنو شەڕی خوێناوی تر دژ بەهێزەکانی ئەمریکا پەرە پێبدەن، ئەوکاتە تاران زیاتر پێدادەگرێو دەیباتەوە، بەڵام ئەگەر بتوانرێ ئاسایشو ئارامی بۆ شارەکانی نێوەڕاستی عێراق بگێڕدرێتەوە ئەوکاتە تاران ناچار پاشەکشە دەکاتو مل بۆ داخوازییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدات. لەلایەکی دیکەوە نەیارانی کۆماری ئیسلامی لەبەرنامەیان دایە ئەگەر ئابلۆقەی ئابووری بەسەر ئێران سەپێنرا، ئەوان هەوڵبدەن ناڕەزایەتییەکانی ناوەخۆ پەرە پێبدەنو بیتەقێننەوەو سەرەنجام ڕاپەڕینو سەرهەڵدان دەست پێبکەن. وروژاندنی هەستی خەڵکی کوردو بەلوچو عەرەبو ئازەری زۆر ئاسانترەو دەکرێ لەڕێگەی زەقکردنەوەی ستەمەکان، نەتەوەییەوە ئەو نەتەوانە دژ بەتاران تیژتر بکرێنو سەرهەڵدانیان پێبکەن.

هەندێك لەچاودێران بەشێوازێکی دیکە بۆ کێشەکە دەچنو پێیانوایە کە ناکۆکیەکانی نێو دەستەڵاتدارانی تاران ئەو کێشەیەی هێناوەتە ئاراوە، باڵەکان دەیانەوێ لەڕێگەی ئەو کێشەیەوە کۆپاکی ناکۆکیەکانی نێوەخۆیان بکەنو لایەنی بەرانبەر لەمەیدانی سیاسەتدا وەدەربنێن. باڵی ریفۆرمخواز هەست دەکەن "ئەحمەدی نەژاد" دەسەڵاتی ئەوانی خستۆتە مەترسیەوە، هەر بۆیە دەیانەوێ کێشەی بەرنامە ئەتۆمییەکان، قەیرانی ئابووریو سیاسیو دیپلۆماسی لێبکەوێتەوەو لەو نێوانەدا ئەوان قازانج بکەنو دەستەڵاتی لەدەستچوویان بگێڕنەوە.

لەم نێوەندەدا کابینەی ئەحمەد نەژار هەستی بەم مەترسییە کردووەو لەنێوەخۆدا بەرەو چاکسازیو ڕاکێشانی جەماوەر هەنگاو هەڵدەگرێتەوە، لەمانگەکانی رابردوودا چەند ڕۆژنامەنووسێکی زیندانیکراو ئازاد کران، شەفافیەتو کراوەی بەرانبەر خەڵك پێشان دران، بەڵام دیسانەوە زۆربەی چالاکڤانانی مافی مرۆڤ لەوباوەڕەدان کە لەمانگەکانی داهاتوودا کۆماری ئیسلامی گوشارەکانی خۆی بۆ سەر لایەنگرانی ئازادیو دیموکراسی زیاتر دەکات.

هەرچەندە خودی "ئەحمەدی نەژاد"ی سەرکۆمار لەمانگەکانی رابردوودا سەردانی چەندین ناوچەی هەژارنشینو بێبەشی ئێرانی کردو سەبارەت بە باشکردنی بارودۆخی ژیانو گوزەرانی خەڵکی ئەم ناوچانە بەڵێنێکی زۆری پێدان، بەڵام بەسەرەنجدان بەقەیرانی ئەتۆمیو ئەگەری سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بۆ سەر ئێران لەوانەیە لەداهاتوودا سەرکۆمار نەتوانێت بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکاتو لەتوانای نەبێت بۆ باشترکردنی بژێوی ئەو ناوچانە هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە.

سەرنجدانو لێکدانەوەی زیاتر لەسیاسەتەکانی "ئەحمەدی مەحمود نەژاد"و خوێندنەوەی ستراتیژی وڵاتە زلهێزەکان بەرچاومان ڕوونتر دەبێو دەکرێ چاوەڕوانی سەرهەڵدانی قەیرانی گەورەتری نێوان کۆماری ئیسلامی ئێرانو ئەمریکاو لایەنگرانی ببینو لەنێوەخشدا هەست بە زۆربوونی گرفتو ئاستەنگەکانی نێوان خەڵكو دەستەڵاتداران ڕابگرین.

# گوڵبژێرێك لەسەرنجەکانی بێشکچی سەبارەت بەدۆزی کورد

**ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/١٤ دمریا سازاك ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی میللیەت چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سۆسیۆلۆژی تورکو دۆستی لەمێژینەی نەتەوەی کورد ئیسماعیل بێشکچی کردبوو. لەو هەڤپەیڤینەدا بێشکچی راشکاوانە سەرنجەکانی خۆی سەبارەت بە پرسی هەنووکەیی کورد خستبووە ڕوو، ئێمە بە پێویستمان زانی گوڵبژێرێك لەسەرنجەکانی بۆ خوێنەرانی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی.**

**سازاك:** بەڕێزتان یەکێك بوون لەو کەسانەی کە لەزانکۆی بیلگی لەکۆنفرانسی گەران بەدوای چارەسەری مەسەلەی کورد لەتورکیا قسەتان کرد. تۆ وەك ڕووناکبیرێك هەر لە حەفتاکانەوە تا ئێستا بەهۆی لێکۆڵینەوەو رامانەکانت سەبارەت بەدۆزی کورد، ١٧ ساڵ زیندانیتان کێشاوە، ئەوە چۆن بوو لەگەڵ ئەکادیمیو سیاسیەکاندا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشەی کورد کە بەگەورەترین کێشە لەبەرانبەر بەدیموکراسیبووندا دەژمێردرێت، هاوکاریتان کرد؟

**بێشکچی:** لەتورکیا بیرو بۆچوونەکانی ئایدۆلۆژیای فەرمی هەیە، ئەوەیە کە نابێ مەسەلەی کورد تێکەڵ بەزانکۆو ڕێکخراوە سیاسییەکان بکرێت، دەوڵەت سوورە لەسەر درێژە پێدانی ئەم سیاسەتە. بۆ نموونە ئەگەر پارتێکی سیاسی مادەیەك سەبارەت بەکورد بخاتە نێو پەیرەو پرۆگرامی خۆیەوە، بنووسێ لەتورکیادا کورد هەیە، پێویستە پەروەردەی کوردی هەبێ، یان بڵێ پێویستە کورد مافی کولتوری هەبێ، ئەوکاتە ئەو پارتە قەدەغە دەکرێو دادەخرێ.

کۆمەڵەی وڵاتیانی هێلسنکی ئەو کۆنفرانسەی لەشاری ئەستەمبۆل سازکردو توانی ئەو هەموو کەسانە کۆبکاتەوە،خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی گرینگبوو. بە بڕوای من ئەمە ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت بەرەو نەرمی و خاوبوونەوە دەبات.

**سازاك:** ئەمە بە دووەمین هەنگاوی گەورەی ڕووناکبیران دەژمێردرێ، چونکە هاوینی رابردوو کاتێك پەکەکە بانگەوازی شەڕ هەڵگیرسانەوەی کرد، ئەو ڕووناکبیرانەی کە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی تورکیا کۆبوونەوە پەیامی ئاشتیان پێدا. ئەردۆغانیش لەدیاربەکر گوتی: پێویستە ڕووبەڕووی مێژوو ببینەوە، لێکۆڵینەوەکانی ئێوەش دەچنەوە سەر دامەزراندنی کۆمار، ئەمە چۆنە؟

**بێشکچی:** لەدوای یەکەمین جەنگی جیهاندا چەندین دەوڵەتی تازە دامەزران. دەوڵەتانی مانداتی وەك عێراق، ئەردەن، فەلەستین، کە بەریتانیای گەورە بەڕێوەی دەبردن، سوریاو لوبنانیش لەژێر قەڵەم ڕەوی فەرەنسادابوون، ئەوێ ڕۆژی سۆڤیەت سیاسەتی دژ بەکوردی بەڕێوەبرد. سیاسەتێك کە هیچ پێوانەی بۆ نەکرا، کورد وەك ئەوە شێناکرێنەوە کە داواکاری سیاسییان هەیە بەڵکو بەناحەز سەیر دەکرێن.

**سازاك:** بەرلەوەی کۆماری تورکیا دابمەزرێت، هەندێك لەدەورووبەر هەبوون کە مانداتی ئەمریکایان دەپاراست، بەڵام مستەفا کەمال لەگەڵ شەری رزگاری نەتەوەییدا لایەنگری دەوڵەتێکی سەربەخۆبوو.

**بێشکچی:** بەڵێ! کۆمار وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەساڵی ١٩٢٣ دامەزرا، لەو ڕۆژەدا دەبێ دانووستاندنی پەیوەست بەکورد ئەمە بووبێت: وەکو عێراق یا وەك سوریا بۆ مانداتی کوردستان دانەمەزرا؟ ، لەدوای ساڵی ١٩١٩ وە سەرهەڵدانی شێخ مەحمود هەبوو، داوای کوردستانی سەربەخۆی دەرکرد، بەڵام بەریتانیای مەزن ئەمەی بەڕەوا نەناسیو داواکاریەکانی کوردی جێبەجێ نەکرد، نە کوردستانی سەربەخۆو نە دەوڵەتێکی سەر بەبەریتانیاش دامەزرا، کورد لەنێوان دەوڵەتانی هەرێمەکەدا دابەشکران.

**سازاك:** ئێوە دەڵێن دەولەتی بەریتانیا هاوکاری نەکرد، بەڵام سەرهەڵدانی شێخ سەعید، شارەکانی موسڵو کەرکوکیشی لەخۆیەوە دەگرت، ئایا ڕۆڵی بەریتانیای تێدا نەبوو؟

**بێشکچی:** دەتوانرێ باسی ئەوە بکەین کەلەنێوان مستەفا کەمالو ئینگلیزەکاندا ڕێکەوتن هەبووبێ، کە دەگوترا ئێمە واز لەمافەکانمان لەویلایەتی موسڵ دێنین، بەڵام ئێوەش داواکاری کورد بۆ سەرخۆبوون پەسند مەکەن.

**سازاك:** ئایا ئەو بزاڤە سیاسیانەی دەرەوەی پەکەکە ناتوانن ڕێگەچارەیەك بۆ دۆزی کورد بدۆزنەوە؟، سیاسەتی دیموکراتیزە کردن چۆن بەهێز دەکرێ؟

**بێشکچی:** هەندێك ئەرك دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتو پەرلەمان. بەربەستی ١٠٪ لەهەڵبژاردنەکاندا زۆر ترسناکە، دەتوانرێ ڕێژەکە کەمتر بکرێتەوە. کاتێ مرۆڤ سەیری قۆناغەکانی دەپو هادەپ دەکات، ئەو پارتانەی لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگی زۆر بەدەستدێنن، کەچی نوێنەریان ناگاتە پەرلەمان، هیچ پێوانەیەك بۆ دەنگەکانی کورد ناکرێ. ئیدی پێویستە ئەمانە نەکرێن بە کێشە.

**سازاك:** ئێوە بۆ دوارۆژ چی دەڵێن؟، کێشەیەك هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدەوڵەتەوە هەیە. دوای ئەوەی لەساڵانی ڕابردوودا سی هەزار قوربانیماندا، ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە کە مرۆڤ واز لەبیرو بۆچوونی کۆن بهێنێو تێبگات کە لەڕێگەی تیرۆرەوە بەئامانج ناگات؟

**بێشکچی:** ئیدی دەبێ تورکیا ئازادی هزر دەستەبەر بکات، هێشتا دانووستاندن سەبارەت بەکورد ڕێگری لەبەردەمدا هەیە. مرۆڤ دەبێ چۆن بتوانێ رەخنە لەئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت بگرێ؟. گریمان تۆ کتێبێکت نووسی، کەسانی تر دەیانەوێ لەدژی ئەمە شتگەلێك بڵێن، دەبێت ئەویش بکارێ ڕەخنە لەو بۆچوونانە بگرێ. پێویست نیە لەسەر نووسینی کتێبێك مرۆڤ زیندانی بکرێ، سازاندنی زەمینەی بیرو بۆچوونی ئازاد زۆر گرنگە.

سازاك: ئایا مێژوو قەرزەکانی خۆی بۆ کورد گەڕاندۆتەوە؟

**بێشکچی:** کە لەساڵی ١٩٢٠ عێراق دامەزرا درزی گەورەی تێکەوت. ئێستاش ئەمریکا بۆ ئەوە نەهاتوون کە کورد دەچەوسێندرێتەوەو گوایە ئەوان رزگار دەکەن. لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٩٠ کوردیان بە تەنها جێهێشت. ئێستاش هەندێك لایەن دژایەتی دەست تێوەردانی ئەمریکا لە عێراق دەکەنو دەڵێن: چەکی کیمیایی پروپاگەندەیە!. لەکاتێکدا ئەو چەکە لەهەڵەبجەو لەزۆر شوێنی دیکەدا زۆر بێ ویژدانانە لەدژی کورد بەکارهێنراون.

**سازاك:** بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانە، ئیسماعیل بێشکچی بە چی گەیشتووەو چ مۆدیلێکی پێیە؟

**بێشکچی:** پێویستە رەخنە لەئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت بگیرێ. پێویستە بزانرێ کورد بۆ خۆیان چییان دەوێو بە ئازادی بیڵێن. دەکرێ ئەمە بکرێ بە دەستپێك، بەڵام لەتورکیا هیچ دەزگەو دەستەڵاتێك نەیان پرسیوە کە چیتان دەوێ. لەکۆنفرانسەکەدا قسە لەسەر ئەم بابەتانە کرا: ئایا فیدراسیۆن، ئۆتۆنۆمی یان پەروەردە بەکوردی، دەکرێ ڕاپرسی بەڕێوەبچێ، با بزانین کورد خۆی چی دەوێ، هەموو کەسێك چارەسەری ئاشتیانە پەسند دەکات، پێویستە دەوڵەتیش گوێرەی ئەمە کەم بکاتەوە.



# ئێمەی کورد، کام عێراقمان دەوێ؟



هۆشیار عەبدولڕەحمان

لەدوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی، گرێدانی یەکەمین کۆبوونەوەی کوتلە سیاسیە سەرکەوتووەکان لەهۆڵی پەرلەمانی عێراقو بێ گەیشتنە هیچ ئەنجامێكو بڕیارێك لەپەرلەمان، ئەمە خۆی لەخۆیدا بەنیسبەت گەیشتنی پرۆسەکەوە قەیرانێکی قولیشە کە هەموو کوتلە سیاسیەکان بەدەستیەوە گیرۆدەنو ناتوانن هیچ بڕیارێکی یەکلایی کەرەوە بدەن. ئەوەی کە ئێستا لەعێراق دەیبینین گۆڕانێکی نوێ بەڕێوەیەو بەتەواوی نەخشەی سیاسی عێراق دەگۆڕێو عێراق لەبەردەم دووڕیانێکدایە، ئەو هاوپەیمانیەی پێشووی نێوان لیستی کوردیو ئیئتیلافی شیعە سەرکەوتوو نەبوو، بەهۆی کردارو ڕەفتارە نالۆجیکیەکانی کەسایەتی د. جەعفەریەوەو ئێستاش کە عێراق دەیەوێ سیستەمی سیاسیو ئیداری بۆ ٤ ساڵی تر دابڕێژێ لەبەرانبەر هەڵسوکەوتو موجامەلەی شیعە بۆ لیستی کوردیو عەرەبی سوننە، هەروەها ئاسانو سەرپێی نییە ئەم شتانە بەسەریاندا تێبپەڕێتەوە جارێکی تر. ئەم عێراقە لەهەشتا ساڵی رابردوودا کە بەدەست تاکە حزبو دیکتاتۆریەتو نەبوونی دیموکراسیو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە ناڵاندوویەتیو لەهەموو مافە سیاسیو مەدەنی، گشتیەکان بێبەش کرابوو کرابوونە قوربانی کەمینەیەکی باڵادەستی شۆڤێنیو ڕەگەزپەرست کە خۆی بەقەڵغانیو پێشەنگی نەتەوەی عەرەب دەزانی، ئەم هەموو بیرە کۆنەپەرستانەی عەرەبی سوننە لەعێراقدا چەندین زەرەرو زیانی گەورەی بەهەموو نەتەوەو کەمینە ئایینیو تائیفەکانی ناو عێراق گەیاندو عێراقی لەدەوروبەرو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دابڕیو بۆچەندین ساڵ گەراندیە دواوە. ئەم بیرو ئایدیانەی عەرەبی کە لەبەرانبەری گەلی کورددا بەتووندو تیژی تاقیان کردەوەو ئەنجامیاندا بە بێ گەیشتنە هیچ ئەنجامێك کە لەکردەوە وەحشیگەری نا مرۆڤەکانیان هەر لەهێرشی چەکی کیمیاویو هەڵمەتەکانی بەناو ئەنفال بۆ تواندنەوەو سڕینەوەی گەلی کورد لەناو بۆتەی عەرەبو سووتماککردنی کوردستان بێ ئەنجام بوو، کەچی دوای ئەم کارەساتوماڵوێرانیە تازە بەتازە دوو کەسایەتیری عەرەبی سوننە وەکو (عەدنان پاچەچیو حەسەن حاچەمی) ڕێگر دەبن لەبەرانبەر نوێنەرێکی گەلی کورد لەناو پەرلەمانی عێراق ووتارێك بەزمانی کوردی کە زمانی ڕەسمی عێراقە بیخوێنێتەوە کە دەربارەی قەتلو عام کردنی هەڵەبجەییەکانە، ئا لێرەوە مرۆڤ تووشی سەر سوڕمان دەبێت لەم عێراقە دیموکراتیو فرە حزبیو فیدارلیەدا، بۆیە پێویستە هەموومان بەخۆمان دابچینەوەو بە ووردی لێکدانەوەی هەمەلایەنە بکەینو بگەینە ئەنجامێکی زانستیو لۆجیکی دەربارەی بیرو ڕەفتاری سەرجەم پێکهاتەی سیاسیو تەقلیدی عەرەبی عێراق بەشیعەو سوننەوە، ئایا ئەوان دەتوانن ئازادیو دیموکراسیو فیدارلیو مافە ڕەواکانی گەلی کورد قبوڵ بکەنو پێکەوە ژیانی ڕاستەقینە بچەسپێنن، وەکو خۆیان کە لەدەستووردا ئاماژەی پێکراوە کە عەرەبو کورد لەم وڵاتەدا شەریکنو ژیانی چارەنووسیان هاوبەشە، یاخود ئێستاش ئەو هەڵسوکەوتو ڕەفتارە تاکڕەوانەو پیلانە ژێربەژێرو گومانایەکان بەردەوامە، جار نەجارێك هەڕەشەی نەوت بڕینمان لێدەکەن یان وزەی کارەبامان لێ کەم دەکەنەوەو یاخوود لەبودجەی گشتی حکومەتی ناوەند کە ئیتفاقی لەسەر کراوە لێمان کەم دەکەنەوەو بەنهێنی دزیمان لێدەکەنو یان لەگەڵ لێپرسراوە بەعسیە کۆنەکان بەنهێنی کۆ دەبنەوەو هەڕەشەی نەگەڕانەوەی کەرکوکمان لێدەکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەمانە چەندین نموونەی تر کە بەشێکن لەکردارو ڕەفتارە نا بەجێیەکانی لێپرسراوانی عەرەبی ئێستای عێراق کە ڕەنگدانەوەی هەستو بیرو سیاسەتەکانیانە بەرانبەر گەلی کورد. بۆیە لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا دەسەڵاتدارانی سیاسی کورد دەبێ چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەم هەل ومەرجە سەختو دژوارەدا بکات؟. ئایا دەبێ هەڵوێستێکی ڕوونو ئاشکرا دەربارەی سەرجەم مەسەلەکان وەربگرێو پێیان لەسەر دابگرێ، یاخوود سازش لەسەر هەندێکیان بکاتو بیانکاتە قوربانی بەرژەوەندییە گشتیەکانی عێراقو دەست بە عێراق چێتی بکەین، وە یان دەتوانین بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدەینو دژیان بووەستینەوە، ئێستا بەبەردەوامی دەبیستین لەعێراقدا بانگەشەی حکومەتێکی یەکێتی نیشتیمانی دەکرێ، کەچی بەداخەوە هیچ یەکێتییەك لەعێراق نابینرێ، هەرچی ئەحزابی شیعەو گروپەکانیەتی لەهەوڵی پاوەنخوازیو قەتلو عامی عەرەبی سوننەنو دەیانەوێ هەژموونی خۆیان بەسەر فەرمانڕەوایی عێراقدا بسەپێنن بەحوکمی قەرەبووکردنەوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوو کە لەژێر دەستی بەعسیەکاندا ئازاریان دەچەشتو کەچی ئەمانیش بەهەمان شێوە ڕەفتاری بەعسیەکان دووبارە دەکەنەوە هەڕەشەی ئەوە لەعەرەبی سوننە دەکەن کە جارێکی تر دەسەڵاتیان کۆتایی پێهاتووە لەعێراق، ئەستێرەی بەختیان لەعێراقدا کوژاوەتەوە، کەچی سوننەکانیش بەهەمان نەفەسو خەیاڵی رابردووەوە لەهەوڵ تەقەلایەکی گەورەن بۆ هاتنەوە سەر شانۆی سیاسەتو دەسەڵات لەعێراق، لەلایەکی تریشەوە کورد کەوتۆتە نێوانی ئەم مل ملانێی شیعەو سوننەوە، بۆیە دەبێ دەسەڵاتدارانی کورد ئێتر کاتی خۆیان بەفیڕۆ نەدەنو بەهیچ شێوەیەك بڕوا بەموجامەلەو نەرمو نیانی شیعە نەکەن کە ئێستا تەنها لەبەر کوشتنی کاتەو ئیعتبار بۆ هەل ومەرجەکەشە. ئێستا فرسەتو هەلێکی باش لەناوەوەو دەرەوە بۆ گەلی کورد هاتۆتە پێشەوە دەبینین خەریکە هێواش هێواش لەمپەڕەکان لەبەردەم میدیاکانی کوردستانی تورکیادا نامێننو کەم دەبنەوەو جۆرێك ئازادییان پێدەدرێتو چەندین کۆنگرەو کۆنفراسو نەدوەی ڕۆشنبیری دەربارەی دۆزی کوردو کێشەکەی دەبسترێتو ڕا گۆڕینەوەو گفتوگۆی پۆزەتیف دەکرێ. بۆیە ئەم هەموو شتانە ئێستا لەبەرژەوەندی گەلەکەمان دایەو دەبێ ئێمەش بیقۆزینەوەو فرسەتەکان لەدەست نەدەین، چونکە دەستکەوتەکانمان تا ئێستاش لەبەردەم مەترسیدان .